دووەم: بەڕێوەبەری بەشی پاراستنی رووەك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون دەبێتە بڕیاردەری لیژنە.

**ماددەی (٤):**

پیادەکردنی ماددەی (١٩)ی یاساکە هەموار دەکرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:
(١٠٪) لەسەدا دەی کرێی پشکنین و بەهەڵمکردنی (تبخیر) وەرگیراو دەدرێتە ئەوانەی لە بەشی کەرەنتینی کشتوکاڵی کار دەکەن لەگەڵ فەرمانبەرە هاوکارەکان وەك هاندەرێك بۆیان بەپێی رێنمایی کە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەریدەدات.

**ماددەی (٥):**

راگرتنی کارکردن بە یاسای کەرەنتینی کشتوکاڵی عێراقی ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٦ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەو رێنماییانەی بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون بە بەرکاری دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاوەکو دەرچوونی ئەوەی جێگەیان دەگرێتەوە یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

کار بەدەقی هیچ یاسایەك یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو رێکخستنی پرۆسەکانی دەستاودەستکردنی رووەك و بەرهەمەکانی و هاوردەکردن و هەناردەکردنیان، و بۆ مسۆگەرکردنی رێگەگرتن لە هاتنە ناوەوەی دەردوپەتای کشتوکاڵی و بڵاوبوونەوەیان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.